# پەرلەمان پڕۆژە یاسای بەرنگاربوونەوەی سیگارکێشان پەسەند دەکات!



ڕۆژی 2007-11-14 لە دانیشتنی ژمارە (22)ی خولی دووەمی هەڵبژاردنی خۆیدا، پەرلەمانی کوردستان پڕۆژە یاسای بەرنگاربوونەوەی سیگارکێشانی پەسەند کرد.

ڕۆژەڤی ئەو کۆبوونەوەیە بۆ درێژەدان بە گفتوگۆ لەسەر پڕۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی سیگارکێشان بوو، بەوهۆیەوە لیژنەی تەندروستی پەرلەمان پرۆژە یاسایەکی خوێندەوە، دواتر لەلایەن پەرلەمانتارانەوە چەندین پێشنیارو تێبینی لەسەر لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی پرۆژەکە خرایەروو. جێگەی ئاماژەیە کە وەزیری لەشساغی حکومەتی هەرێم ئامادەی دانیشتنەکەببوو، لەبارەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و ڕێنوێنیەکانی وەزارەتەکەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیگارکێشان بەپێی ئەم یاسایە تازەیە ڕوونکردنەوەی پێویستی پێشکەش بە پەرلەمانتاران کرد.

لەدرێژەی گفتوگۆکانی پازدە مادەکەی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی سیگارکێشان، لەسەر پێشنیاری پەرلەمانتاران و پشتگیری وەزیری تەندروستی هەرچوار ماددەی 5 و 6 و 12و 13 و بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران لابردران و سڕانەوە . بەگوێرەی پڕۆژە یاساکە سیگارکێشان لە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و سەرجەم دامەزراوەکانی حکومەت و شوێنە گشتییەکان و هۆکارەکانی هاتووچۆی گشتی و تایبەتی و ریکلامکردن بۆ سیگار لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دا بەهەموو شێوەیەک قەدەغە دەبێ. هەروەها لەو دوکان و شوێنانەی کە سیگار دەفرۆشرێ دەبێ تابلۆیەک هەڵبواسرێ و مەترسیەکانی سیگاری تێدا ڕوونکرابێتەوە، ئەم یاسایەش لە 2008-5-31وە کاری پێدەکرێ.

هەڵبەت یاساکە سزای مادی بۆ هەر کەسێک دیاری کردووە کە ئەگەر سەرپێچی ڕێنوێنیەکانی بکات. ئەوەی جێگەی سەرنج بوو ئەمجارەیان پەرلەمانی کوردستان ڕێگەی دابوو کە ڕاستەوخۆ دانیشتنەکە لە ڕاگەیاندندا پەخش بکرێ، ئەمەش سەرەتایێکی باشە تا کوردستانیان ئاگایان لە مشتومڕەکانی نێو پەرلەمان دا هەبێ، هەرچەندە کە پێشینەی نەبووە، چونکە جاران ڕاسپاردەو بڕیارەکان لەسەروو دادڕێژران و بڕیاریان لەسەر دەدرا، سەرکردایەتی حزبەکان ئەرکی سەرشانی پەرلەمانتارەکانیان سووک دەکرد!! تەنیا دەست هەڵبڕینیان بۆ دەهێشتنەوە، بۆیە ئەمجارەیان وەک ئەوەی هەنگ لەدارا دۆزرابێتەوە زۆر بەگەرم و گوڕی دانوستاندنیان لەسەر دەکرد، ئەوەی لە زمانی کوردی تێنەگەیشتایە وایدەزانی لەسەر مەسەلەیێکی چارەنووسسازی وەک بڕیاردان لە سەربەخۆیی کوردستان، بەرپەرچی دانەوەی هەڕەشەکانی سوپای تورکیا و ئامادەکاری بۆ بەرخۆدان، هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی سامانە تاڵانکراوەکان مشتومڕ دەکرێ!!

ڕاستیەکەی پەرلەمانی کوردستان کە بەگوێرەی یاسا بەرزترین دەستەڵاتی وڵاتە و دەتوانێ لەسەر چووکەترین شت وەدەنگ بێ و حکومەت ڕابسپێرێ، کەچی بەدرێژایی 16 ساڵی ڕابردوو بەدەگمەن بینراوە کە خەڵک لە گفتوگۆکانی نێو دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا سوودمەند بووبن، یان زانیاریان پێبدرابێ، با لەهەنگاوی یەکەمدا دەستخۆشیان لێبکەین، بەڵام جێگەی خۆشیەتی داوایان لێ بکەین کە لەمەسەلە چارەنووسسازەکاندا خۆیان نەدزنەوە، دانیشتنەکان نەشارنەوە، کاتێ باسی بودجەو دەستەڵاتی حزبەکان دەکرێ، نوێنەرانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانان وەدەرنەنێن!

پەرلەمانی وڵاتان کاتێک دەیانەوی گفتوگۆ لەسەر پڕۆژە یاسایێک بکەن، بەرلەهەموو شتێک ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگە لەبەرچاو دەگرن، بەڵام ئەگەر بەلا چاوێکەوە سەیری ئەم پڕۆژە یاسایەی پەرلەمانی کوردستان بکەین، دەبینین نەک هەر ڕەوشی ڕامیاری، ڕۆشنبری و جڤاکی لەبەرچاو نەگیراون، بەڵکو هەڵگەڕانەوەیەکی ئاشکرای بەخۆیەوە بینیووە.

پەرلەمانی کوردستان یاسایێکی بۆ ژیاندنی بنەماڵە هەژارەکان، مرۆڤە بێ کارەکان و دابینکردنی بیمەی بێکاری نیە، حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە بژێوی کوردستانیان دابین و مسۆگەر بکەن، هاوێرکارییێکی ئاشکرا لەکۆمەڵگەی کوردستان دا بەدی دەکرێ، پانتایی نێوان چینی دەوڵەمەندو هەژار زۆر فراوان بۆتەوە، بەوهۆیەوە بە هەزاران منداڵ بۆ پەیداکردنی پاروی ڕۆژانەیان پەنا بۆ سیگارفرۆشتن دەبەن، ئەمەش دیاردەیەکی هێندە زەق و بەرچاوە کەس ناتوانێ نکۆڵی لێبکات، پەرلەمانی کوردستان کاتێک یاسایێک دەردەکات و دەیەوێ بەرەنگاری سیگارکێشان بێتەوە، کە هێشتا چارەسەرێکی لەبارو گونجاوی بۆ دەرهاوێشتەکانی نەدۆزیوەتەوە.

ئێستا پەرلەمان باس لە پڕۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی سیگارکێشان دەکات و ڕێگەنادات لە هەر سێ سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران دا سیگار بکێشرێ، بەڵام باش دەزانێ کەسانی وا هەن نەک هەر ڕێنوێنیەکانی پەرلەمان و یاسا لەبەرچاو ناگرن، بەڵکو زۆر ڕاشکاوانە یاسا لەژێر پێ دەنێن، لە پیرۆزترین شوێنیشدا ئامادەنابن بۆ خولەکێکیش سیگارەکانیان خامۆش بکەنەوە، ئایا ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن سکاڵایان لەدژدا تۆمار بکەن؟! ئایا دادوەرەکان دەتوانن لێپرسینەوە لەو کەسانە بکەن و سزایان بدەن؟!

پەرلەمانی کوردستان دەی‌توانێ لەنێوان باش و باشترو باشترین دا، باشترین هەڵبژێرێ. لەنێوان گرنگ و گرنگترو گرنگترین دا، گرنگترین هەڵبژێرێ، بەڵام بەپێچەوانەوە هەنگاوی هەڵگرتوتەوە. باشترین شت ئەوەبوو کە پەرلەمانی کوردستان یاسایێک دەربکات تا ئەوانەی پۆستەکانی حکومەت وەردەگرن سەروەت و سامانی خۆیان بۆ گەل ئاشکرا بکەن، ئەمە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا پێڕەوی لێدەکرێ، تەنانەت وڵاتێکی وەکو مۆریتانیا دەستپێشخەری کردووەو کردوویەتی بە یاساو پێڕەویشی لێدەکات، چونکە بەو یاسایە ڕێگە لەگەندەڵی و خۆدەوڵەمەندکردنی ناڕەوا دەگیرێ. چەند مانگ لەمەوبەر دەستەی گارگێڕی **بەرەی گۆڕان** بە هاوکاری چەندین ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و جڤاکی و پیشەیی یاداشتنامەیەکیان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکردەوەو لێیان خواست کە بڕیار لەسەر ئەو پڕۆژە یاسایە بدات کە بەرپرسان ناچار دەکات کە سەروەت و سامانی خۆیان ئاشکرا بکەن، ژمارەیەکی بەرچاویش لەپەرلەمانتاران پشتیوانیان لەو یاداشتە کرد، بەڵام پەرلەمانی کوردستان بەبیانۆی ئەوەی جارێ کاتی نیەو ئەگەر بڕیاریشی پێدەربچێ، جێبەجێ ناکرێ، فەرامۆشی کردو ئاوڕی لێنەدایەوە، تەنانەت هەندێ دەزگەی حزبی و ئەندامانی پەرلەمانیش لە وەڵامدا گوتبوویان : "جا چۆن بەرپرسەکانمان سامانی خۆیان بۆ خەڵک ئاشکرا بکەن!!" تەنانەت بەهۆی ئەو یاداشتەوە گەمارۆخرایە سەر ئەو ڕێکخراوانەی کە یاداشتەکەیان واژۆکردبوو، لە دەستپێکدا ئەو هاوکارییەیان لێبڕین کە لە حکومەت وەریان دەگرت.

گرنگترین شت بۆ پەرلەمانیش ئەوەبوو کە لە دانیشتنێکی کراوەدا گفتوگۆ لەسەر بودجەی حزبەکان و چۆنیەتی سەرفکردنی بودجەی حکومەتی هەرێم دا بکات، چونکە لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بە ئەو داچۆڕانە ئابووریە دەکەن کە حزبەکان لەسەر بەرژەوەندی حکومەت و خەڵک بۆ خۆیان گلی دەدەنەوە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان بەلای ئەوانەدا ناچێ کە باشترین و گرنگترینن، بەڵام ئەوانەی کە لەم کاتەشدا گرنگ نین و بواری ئەوەش نیە کە جێبەجێ بکرێن "وەک یاسای بەرەنگاربوونەوەی سیگارکێشان" بە کراوەیی گفتوگۆیان لەسەردا دەکات.

لەم ڕۆژانەدا ڕاگەیاندنەکانی عەرەبی عێراقی ئاشکرایان کرد کە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2008 تەنیا شەش تریلیۆن و پێنج سەد ملیار دینارە! ئەگەر ئەم بودجەیەش لەگەڵ سەرفیاتەکان بەراورد بکرێ لاسەنگ دێتەوە، بۆیە زۆر پێویستە بودجەی هەرێمی کوردستان و سەرفیاتەکەی بە کراوەیی لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان دا گفتوگۆی لەسەربکرێ. مافی ڕەوای خەڵکە بزانن کە داهاتی کوردستان چەندەو چۆن سەرف دەکرێ. بودجەی وەزارەتەکان چەندبووەو چۆن سەرف کراوە. مافی ڕەوای کوردستانیانە کە بزانن بودجەی حزبەکان چەندەو لەسەر چ بنەمایەک بڕیاری لەسەر دراوە. مافێکی ڕەوای ڕۆژنامەوانانە کە بەدواداچوون لە ڕووداوەکان بکەن و زانیاری تەواو پێشکەش بە جەماوەر بکەن.

ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە کە بۆ داهاتوویێکی پرشنگدار، وڵاتێکی پێشکەوتوو، بۆ ڕاژەی بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمان، بۆ ژینگەیەکی پاک، کۆمەڵگەیەکی ئاسوودەو بەختەوەر ژیرانە بیربکاتەوە، شەونخونی بکێشێ، دەرس لە ئەزموونی گەل و وڵاتان وەربگرێ و یاسای گونجاو دەربچوێنێ، بەڵام تا بەپارێزەوە ڕامانەکانی خۆی دەربڕێ، تا بڕیارو ڕاسپاردە لە سەرکردایەتی حزبەکان وەربگرێ و بە ویستی ئەوانەوە یاسا دەربکات و بڕیاربدات، ناتوانێ ئاواتەکانی گەلی کوردستان بەدی بهێنێ.

**هاشم عەبدوڵڵا محێدین**

hashm_abdula@hotmail.com

# کۆنفرانسی سمایل ئاغای شکاک لە زانکۆی ئۆسلۆ بەڕێوەدەچێ

کاتژمێر 10.3ی ڕۆژی 10-11-2007 لە هۆڵی زانستگەی ئۆسلۆ بە سرودی ئەی ڕەقیب و خولەکێک وەستانی بێدەنگ بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی **سمایل ئاغای شکاک** و سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان کۆنفرانسی ڕێزگرتن لە سەرهەڵدانی سمایل ئاغای شکاک دەستی بەکارەکانی خۆی کرد .

سەرەتا کاک **دەروێش فەرحۆ** سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە بروکسل بەخێرهێنانی میوانانی کرد، سوپاسی هەموو ئەو کەس و لایەنانەشی کرد کە لە پێکهێنانی ئەو کۆنفرانسەدا هاوکاریان کردبوو. ئەوسا بەرنامەی کۆنفرانسەکەی خستە ڕۆژەڤەوە. لە دەستپێکدا داوای لێبووردنی لە ئامادەبووان کرد کە بەهۆی تایبەتەوە دوو لەو بەڕێزانەی کە بڕیارابوو لە کۆنفرانسەکەدا بابەتی خۆیان پێشکەش بکەن، نەیانتوانیوە لەکاتی دیاریکراودا بگەنە ئۆسلۆ، یەکەمیان ڕێزدار پرۆفیسۆر **جەلیلی جەلیل** بەهۆی کۆچی دوایی براکەی و دووەمیشیان **کاکشار ئۆرەمار** بەوهۆی ئەوەی لە باشووری کوردستانەو نەگەیشتۆتەوە ئەورووپا، بەڵام بەڕێزیان بەڵێنیان دا تەواوی ئەو بابەتانەی کە لەکۆنفرانسەکەدا پێشکەش دەکرێن هاوکات لەگەڵ بابەتی ئەو دوو نووسەرەش کە نەگەیشتوون لە کتێبێکدا بڵاو دەکرێنەوە.

پاشان **عەبدوڵڵا حیجاب** سەبارەت بە لێکدانەوەی ڕەوشی سیاسی ئەوکاتی جولانەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان بە ڕێبەرایەتی سمایل ئاغای شکاک بابەتێکی پێشکەش کرد. نووسەر لە بابەتەکەیدا پەنجەی بۆ ئەو دەستکەوت و ڕاستیە ڕاکێشا کە بەهۆی جولانەوەی سمایل ئاغای شکاکەوە ناوچەکە لە ئاسیمیلاسیۆن پارێزراو ماوەتەوە، ئەمەشی بە خزمەتێکی گەورە بۆ هێشتنەوەو پاراستنی ناسنامەی کوردستانی لێکدایەوە. دواتر **عەلی تاهیرخان** کە کورەزای سمایل ئاغای شکاکە، کورتە باسێکی بەپێزی سەبارەت بە شۆڕشی سمکۆ پێشکەش کرد. ناوبراو بەخێرایی سەربردەی بنەماڵەی سمایل ئاغای گێڕایەوە و باسی لەوە کرد کە چۆن باپیری سمایل ئاغاو جەعفەر ئاغای برای بە فێڵ و تەڵەکەبازی بەدەستی دەستەڵاتدارانی تەورێزەوە شەهیدکراون، هەروەها باسی گیران و شوێنبزرکردنی باوکی سمایل ئاغای کرد کە چۆن عوسمانلیەکان بانگهێشتی ئەستانەیان کردووە، لەوێ دەست بەسەریان کردووەو دواییش شوێن بزریان کردووە، هەروەها باسی لە شەهیدکردنی سمایل ئاغا و کارەساتەکانی دوای ئەو پیلانە کرد کەبەسەر بنەماڵەکەیانەوە هاتووە، چۆن منداڵەکانی سمایل ئاغا لەیەکتر دابڕاون، خەسرۆ کەوتۆتە تورکیا و لەلایەن دەستەڵاتدارانی تورکیاوە گل دراوەتەوە، تاهیر خانیش بنەماڵەیەکی نیشتمان پەروەر بەخێویان کردوە، ئەوەی دیکەشیان چونکە دایکی ئازەری بووە توانیویەتی لە شاری ئورمێ لەلایەن خاڵەکانی دا بمێنێتەوە، دوایی چەندی دەیە ئەوسا بەیەکتر شادبوونەتەوە.

پاشان دکتۆر **حوسێنی خەلیقی** بابەتێکی فەلسەفی، کۆمەڵایەتی و ڕامیاری لەسەر کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی پێشکەش کرد کە بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگەی لە دەورانی دەستەڵاتی ئایینی، شۆڕشی ڕێنێسانس و بەردەوامبوونی تا ئێستای خستە بەرلێکدانەوە. لە دوایین برگەدا دکتۆر **خوسرەوی عەبدوڵڵاهی** بابەتێکی لەسەر هەڵکەوتووی سیاسی ئەوکاتەی ئێران و کوردستانی پێشکەش کرد، لە بابەتەکەید ئێرانی ئەوکاتی وەک نیوە کۆلۆنیێک ناساند کە لەژێر دەستەڵاتی ڕوس و ئینگلیزەکان دابووە. دواتر چەند بەڕێزێک ڕاو سەرنجی خۆیان خستە ڕوو، لەوانەش کاک **ڕێکار ئەحمەد** بەناوی حزبی ڕزگاریی کوردستان بە نوێنەرایەتی پارتی سەربەخۆیی کوردستانەوە پەیامی دەستخۆشی پێشکەش بە ڕێکخەرانی کۆنفرانسەکە کرد، دواتر کورتە باسێکی دیکۆمێنتی کە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا بەرهەمی هێنابوو پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. دواتر ڕێزدار کاک **عارف باوەجانی** بەناوی پارتی سەربەستی کوردستانەوە دەستخۆشی لە ڕێکخەرانی کۆنفرانسەکە کرد، هەروەها چەندین پێشنیاری بەسوودی خستەبەردەم بەشداربوون.

لە کۆتاییدا کۆنفرانسەکە بڕیاری دا :

1- کۆنفرانس ڕاپەڕینی سمایل ئاغای شکاک بە سەرەتای تێکۆشانی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی دەزانێ.

2- کۆنفرانس پروپاگەندەی دوژمنکارانەی پێوەندیدار بەو ڕاپەڕینەوە کە ئێستاش بەردەوامە بە دژایەتی ئاشکرا لەگەڵ بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بە حیساب دێنێ، لەسەر ئەو بڕوایەش دایە کە ئەو پروپاگەندانە هیچ پێوەندییێکی بە ڕاستیەکانی جەوهەری ئەو بزاڤەوە نیە.

3- ئەم کۆنفرانسە یەکەم هەنگاوە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو کێماسیانەی کە دەرهەق بە مێژووی کوردستان و بزووتنەوەی سمایل ئاغای شکاک کراوە، لە ئێستا بە دواوە بە پێویست دەزانێ کە کۆبوونەوەو سیمیناری لەم چەشنە لە کوردستان و لە دەرەوە زیاتر بە ڕێوەبچن.

4- باس و گفتوگۆکانی کۆنفرانس لە چوارچێوەی کتێبێکی تایبەت بە ڕاپەڕینی سمایل ئاغا لەلایەن ئەنستیتۆی کورد لە بروکسلەوە چاپ و بڵاوبکرێتەوە.

5- بە دروشمی من **سمکۆی شکاکم، کوردایەتی نەبێ ناکەم،** هەوڵبدرێ لەوەبەدواوە جەوهەری نەتەوایەتی ئەم بزووتنەوەیە زیاتر ڕوون بکرێتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە کۆنفرانسەکە لەلایەن ئەنستیتۆی کوردی لە برۆکسل و بەهاوکاری بنەماڵەی سمایل ئاغای شکاک و یەکێتی لاوان و یەکێتی خوێندکارانی دیموکراتی کوردستانەوە ڕێکخرابوو.

**ڕۆژی گەل**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com